# زیاتر لە واتایەک «کردار وەک نموونە»

سەربەست قادر حەمە
(دەربەندیخان)

کردار چەقی پشت پێ بەستن لە دروستکردنی ڕستە و ئاخاوتن، بە پێی تەواوی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە کۆن و نوێیەکان، زمان دامەزراوەیەکی زیندوو و گەشەسەندووە و بەردەوام لە پەرەسەندن و فراوان بووندایە، لە هەموو ڕووەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی... تاد) تا ئەو کاتەی ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی هەر زمانێکی دیاری کراو شوێن زمانەکەیان دەکەون و گرنگی پێ دەدەن.

هەر زمانێک لەم سەرگۆی زەوییە بگرین و لێی بکۆڵینەوە دەبینین لە چەند بەشە ئاخاوتنێک پێکهاتووە و لە ڕێگەی لێکدان و کارلێکی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانەکەوە دەستەواژە و ڕستە و ئاخاوتن دروست دەکرێت.

هەر یەک لە بەشەکانی ئاخاوتن بە گوێرەی بەکارهێنانیان لە بارودۆخ و کاتی جیاجیادا سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە و هەر یەکەیان لەوی تر جیاوازە، بە جۆرێک بە نەبوونی هەر یەکەیان زمانەکە تووشی کەموکورتی دەبێت.

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە پێکهاتەی ڕستەسازییەکەی بەپلەی یەکەم لەسەر کردار بەندە، واتە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی کرداردا هەموو بەشە سەرەکییەکانی ڕستە کۆبکرێتەوە و دەرببڕرێن، بێجگە لەمە کردار لە زمانی کوردیدا مەرجی سەرەکی ڕستە و ئاخاوتنیشە، واتە بەبێ بوونی کردار ناتوانین ڕستە دروست بکەین، ئەمە لە کاتێکدا بەشەکانی تری ئاخاوتن ئەو کاریگەری و هێزەیان نییە.

لەم کورتە باسەدا دەمەوێت لەسەر بابەتێک لادەم، ئەویش بەکارهێنانی کردارە، بەزیاتر لە واتا و مەبەستێک.

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک کردار بەرچاو دەکەون، کە بەهەمان ڕێنووس و گۆکردن لە دەربڕیندا بە پێی

بەکارهێنانیان لە دەوروبەری جیاوازدا، بە پێی مەبەستی ئاخێوەر واتای جیاجیا دەبەخشن، ئەمە بیر بۆ لای ئەوە دەبات لەگەڵ بەردەوامی ژیان و فراوان بوونی زمان، ئاخێوەر و بەکارهێنی زمان نەتوانێت بۆ هەر بیر و مەبەستێک هەیەتی وشە و دەستەواژەی گونجاو و پێویست دروست بکات، کە تووشی گرفتی ڕێزمانی و واتایی نەبێت، بەمەش ناچاردەبێت پەنا بۆ بەکارهێنانی هەمان کردار ببات بۆ چەند واتا و مەبەستێکی جیاواز، ئەم کارە بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ بێت، یان بەهۆی نزیکی واتا و مەبەستەکانەوە بواری ئەوە بە بەکارهێنەری زمان بدات، هەمان وشە بۆ چەند مەبەستێکی جیا بەکاربهێنێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاخێوەری زمان بەشێوەیەکی بیرکارییانە دەتوانێت، بەسوود وەرگرتن لەو وشانەی لەبەردەستیدان تا ژمارەیەکی بێ کۆتایی دەستەواژە و ڕستەی جیاواز و واتا و مەبەستی جیاواز بەدەستەوە بدات.

لە نموونەی ئەو کردارانەی لەبەردەستدان:

– کەوت.ن: یەکێکە لەو کردارانەی بەپێی بەکارهێنانی دەتوانێت زیاتر لەواتایەک بەدەستەوە بدات.

منداڵەکە کەوت.

لەم ڕستەیەدا منداڵەکە کەوتووە، واتە کەوتووەتە سەر زەوی، یان بەربووەتەوە و لە زەوی داوە.

قوتابییەکە لەوانەی بیرکاریدا کەوت.

لەم ڕستەیەدا کەوتن بەمانای لەزەویدان نایەت، بەڵکو بەمانای مانەوە لە وانەیەکدا دێت، یان دەرنەچوون و گەڕانەوە و نەبڕینی ئەزموونێک.

پیاوەکە تەڵاقی کەوت.

کوڕەکە سوێندی کەوت.

لەم ڕستانەدا کەوتن بەمانای بەتاڵبوونەوە و نەچوونەسەری گرێبەست و پەیمانێک دێت.

پیاوەکە ناوکی کەوت.

لەم ڕستەیەدا کەوتن بەواتای لەجێ چوون و دەرچوون دێت لە شوێنی خۆی.

– سەرکەوت.ن:یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە دەتوانێت زیاتر لەواتایەک ببەخشێت، بەم شێوەیە:

کوڕەکە بە پەیژەکەدا سەرکەوت.

پیاوەکە بە شاخەکەدا سەرکەوت.

لەم ڕستانەدا وەک دەبینین سەرکەوتن بەواتای ئاسایی خۆی بەکارهاتووە و بەمانای سەرکەوتن لە شوێنێکی نزمەوە بۆ شوێنێکی بەرز دێت لەڕێگەی هێزەوە.

پێشمەرگە لە شەڕەکەدا سەرکەوت.

یانەکەمان لە یارییەکەدا سەرکەوت.

لەم ڕستانەدا سەرکەوتن بەمانای چوونەسەر، یان سەرکەوتن بۆ شوێنێکی بەرزتر، کە هێزی ڕۆیشتنی تێدا بەکارهاتبێت، نایەت، بەڵکو بەواتای بردنەوە دێت چ لەشەڕ چ لەیاری، یان هەر کایەیەکی تربێت.

– بەرکەوت.ن: ئەمیش یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە بەپێی بەکارهێنانی واتای دەگۆڕێت.

لەشەڕەکەدا دارێکم بەرکەوت.

لەم ڕستەیەدا بەرکەوتن بەواتای لێدان دێت، واتە لەشەڕەکەدا دارێکم لێدرا بە ئاگایی بێت، یان بێ ئاگایی.

لە کارەکەدا هەزار دینارم بەرکەوت.

لەم ڕستەیەدا بەرکەوتن بەواتای لێدان بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەواتای پێدان و خاوەندارێتی، یان بەشدان دێت، لەو بڕە پارەیەی کە لە کارێکدا بەدەستمان هێناوە.

لێنا.ن:یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە بەهۆی بەکارهێنانییەوە لە دەوروبەری جیاوازدا زیاتر لەواتا و مەبەستێک دەگەیەنێت.

بارەکەم لە گوێ درێژەکە نا.

(لە+نا) = (لێنا) مەبەست لە لێنان لەم ڕستەیەدا ئەوەیە کە گوێ درێژەکەم بارکرد، یان بارەکەم خستەسەر پشتی.

چایەکەم لێ نا.

خواردنەکە لێ بنێ.

لەم دوو ڕستەیەدا ڕاستە مەبەستی کردارەکە لەسەر پشتی ئاگردانانە، واتە چایەکە، یان خواردنەکە لەسەر پشتی ئاگرەکە دابنرێت، بەڵام لەبەکارهێنانی ئەمڕۆی بەکارهێنەر و ئاخێوەرانی زماندا کاتێک ئەو دوو ڕستەیە، یان هاوشێوەکانیان بەکاردەهێنرێت، مەبەست لێی کوڵاندن، یان ئامادەکردنی چا، یان خواردنە.

– تەقاند.ن: یەکێکە لە کردارە دەنگییەکان، واتە یەکێکە لەو کردارانەی کە لە ڕێگەی دەنگەوە بەیارمەتی پاشگری تێپەڕاندنی (اند)دروست کراوە و لە بەکارهێنانیدا دەتوانێت زیاتر لە واتا و مەبەستێک بگەیەنێت.

فیشەکێکم تەقاند.

میزەڵدانەکەم تەقاند.

پەنجەم تەقاند.

لەم ڕستانەدا کردارەکە بە ئاشکرا کردەی دەنگ دەردەخات، واتە ئەو کردارانەی ئەنجاممان داون، دەنگێکیان لێوە بیستراوە و هەمان ئەم دەنگەش کردە ئەنجام دراوەکەیە.

بەردێکم تەقاندە چۆلەکەکە.

تیرێکم تەقاند.

لەم دوو ڕستەیەدا کردەی تەقاندن بێ دەنگە و لەمەبەست و واتای خۆی لای دەدات، لێرەدا مەبەست لە تەقاندن تێگرتن و هاویشتن، یان بۆ هاویشتنە.

– هەڵهات.ن: ئەم کردارەش بەهەمان شێوەی کردارەکانی پێشوو لەکاتی بەکارهێنانی لەڕستەدا دەتوانێت بەزیاتر لە واتایەک دەرکەوێت.

ڕۆژ هەڵهات.

لەم ڕستەیەدا مەبەست لە هەڵهاتن بەرزبوونەوە و دەرکەوتنی خۆرە لەبەرەبەیاندا لە پشت بەرزاییەکانەوە.

هەویرەکە هەڵهات.

لەم ڕستەیەدا مەبەست لە هەڵهاتن تەنیا بەرزبوونەوەی هەویرەکە نییە، بەڵکو واتاکەی فراوانترە و زیاتر لەو واتایە هەڵدەگرێت، ئەویش زیادکردن و هەڵئاوسانە، واتە لە باری ئاسۆیی و ستوونیشەوە.

سەربازەکان هەڵهاتن.

لەم ڕستەیەدا هەڵهاتن هیچ کام لە واتاکانی پێشتر ناگەیەنێت،بەڵکو بەمانای چۆڵکردنی مەیدانی شەڕ، یان ڕاکردن و خۆدەربازکردن و دۆڕاندن دێت.

دزەکە هەڵهات.

لەم ڕستەیەدا هەڵهاتن بەواتای ڕاکردن و خۆدەربازکردن دێت و تا ڕادەیەک لە هەڵهاتنی سەربازەکان جیاوازە.

– خوارد.ن:یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە دەتوانرێت بەمانا و مەبەستی جیاواز لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاربهێنریت.

منداڵەکە سێوێکی خوارد.

لەم ڕستەیەدا خواردن بە واتا و مەبەستی بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە و لەگەڵ کەرەستەیەکدایە، یان بەسەر کەرەستەیەکدا جێبەجێ کراوە کە دەتوانێت بخورێت، بە شێوەیەکی گشتی پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی دانەکانی زمان و دروستکردنی ڕستە و ئاخاوتندا بەپێی یاساکانی هەر زمانێک دانەکان بە جۆرێک ڕیزبکرێن، کە بتوانێت کردار بەسەر بەرکاردا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش تایبەتە بەڕستە کردار تێپەڕەکان، پێویستە ئەم پێویستییە لایەنی ڕێزمانی و واتایی تێدا لەبەرچاوبگیرێت، چونکە بەپێی یاساکانی زمان لەڕووی ڕێزمانییەوە دەتوانین دەیان و سەدان ڕستەی جۆراوجۆری تەواو دروست بکەین، بەڵام لەڕووی واتایی و گونجانەوە، یان لە ڕووی ژیرییەوە ناگونجێن بۆ نموونە:

منداڵەکە ئاسنەکەی خوارد.

قوتابییەکە کاغەزەکەی شکاند.

لەم دوو ڕستەیەدا هیچ گرفتێکی ڕێزمانیمان نییە، بەڵکو ئەوەی نەگونجاوە لایەنی ژیری و واتاییە، چونکە لە ڕووی ژیری و واتاییەوە نە ئاسن خواردنە و نە کاغەز شکستەنییە.

کەواتە دەبێت بێجگە لە لەبەرچاوگرتنی گونجان لە نێوان بکەر و کرداردا بەرکاریش لەبیرنەکەین کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کردارەوە.

کوڕەکە سوێندی خوارد.

پیاوەکە تەڵاقی خوارد.

دەکرێت بپرسین سوێند و تەڵاق خواردەمەنین تا بخورێن؟

یان فراوانبوونی مەودای بەکارهێنانی کرداری خواردن و گونجاویەتی لە ڕووی واتاییەوە وای کردووە بەبێ دروستبوونی گرفتێکی واتایی لای ئاخێوەری زمان بە ئاسانی چاڵی بەرکار بە وشەیەک پڕبکاتەوە و لەگەڵ کرداردا بگونجێت، کە بنەڕەتی واتاییان لێک دوورە.

کوڕەکە جگەرە دەخوات.

سەبارەت بەم ڕستەیەش دەتوانین بپرسین ئایا جگەرە خواردەمەنییە تا بخورێت؟

بێ گومان نەخێر جگەرە دەکێشرێت، لێرەشدا تووشی گرفتێکی تر دەبین، ئەویش لەگەڵ کرداری کێشاندایە، کە دەتوانین ئەم کردارەش لەبەکارهێنانیدا بەزیاتر لە مەبەستێک بەکاری بهێنین.

بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان ئەو شتانەدا هەیە کە کێش، یان قورساییان هەیە، لەگەڵ جگەرە کە وەک کێشانە و پێوانە ناکێشرێت، بەڵکو دووکەڵەکەی هەڵدەمژرێت.

کوڕەکە جگەرە دەکێشێت.

پیاوەکە تەماتە دەکێشێت.

ئایا کێشان لەم دوو ڕستەیەدا هاوواتا و مەبەستە؟

– شکاند.ن: ئەمەش یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە دەتوانین بە زیاتر لە واتا و مەبەستێک بەکاری بهێنین و ئەرکی جیاوازی پێ ببەخشین.

منداڵەکە شووشەکەی شکاند.

پیاوەکە بەردەکەی شکاند.

لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو شووشە و بەرد دەشێت بشکێنرێن، بۆیە لەم ڕستە و هاوشێوەکانیاندا کرداری شکاند.ن بە واتا و مەبەستی بنەڕەتی خۆی بەکارهاتووە.

پیاوەکە بەڵێنەکەی شکاند.

کوڕەکە سوێندەکەی شکاند.

لەم دوو ڕستــە و هاوشێــوەکــانیــاندا مــەبەست لە شکاند.ن هەمـان واتای پێشوو نییـە، بەڵکو مـەبەست لێی لادان و نەبردنە ســـەر، یان پاشگەزبوونەوەیە لە بەڵێن و سوێندەکە.

– تێگرت.ن: یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە بە پێی بەکارهێنانی دەتوانێت زیاتر لە واتایەک ببەخشێت.

دەفتەرەکەم بەرگ تێگرت.

لەم ڕستەیەدا مەبەست لە تێگرتن داپۆشینی ڕووکاری دەرەوەی دەفـتەرەکـەیە بە شـتێک بێجگە لە بەرگەکـەی خۆی.

بەردێکم گرتە چۆلەکەکە.

بەردێکم لە چۆلەکەکە گرت.

لەم ڕســـــتـــــەیەدا تێگرتن بەمـــــانای بۆ هاویشتن بەکارهاتووە و پێوەندی بە واتای یەکەمەوە نییە.

– گیـرا.ن: یەکێکی ترە لەو کـردارانەی دەتوانێت بە زیاتر لەواتایەک بەکاربێت.

لەم ڕستەیەدا مەبەست لە گیران ون بوون و داپۆشرانی ڕووی مانگە بەشێوەیەکی کاتی لە لایەن تەنێکی ترەوە.

ئاوەڕۆکە گیرا.

لێرەدا بەواتای داخران و بەرگیرانی بۆری، یان ئاوەڕۆ، یان هەر شتێکی تر دێت.

دزەکە گیرا.

مـەبەست لە گـیران لەم ڕسـتـەیەدا دەست بەسـەرکـردنی دزەکەیە، نەک داخران و داپۆشین.

لەم سێ ڕسـتـەیەدا کـرداری ڕسـتـەکان بەشێـوەی کـارا نادیار دەرکـەوتووە، بەهەمـان شـێـوە و بەشـێـوەی کـارا دیاریش دەتوانێت هەمان ڕۆڵ ببینێت.

زەوی بەری مانگی گرت.

زبڵ ئاوەڕۆکەی گرت.

من دزەکەم گرت.

بێجگە لەم واتایە دەتوانین واتای تریشی پێ ببەخشین بۆ نموونە:

من پەتام گرت.

لێرەدا مـەبەست لە گرتن تووش بوونە بە نەخۆشییـەکی درم.

کوتا.ن:یەکێکی ترە لەو کردارانەی دەتوانێت بە زیاتر لە واتا و مەبەستێک دەربکەوێت.

گەنمەکەمان کوتا.

کــوتان لەم ڕســتــەیەدا بەمــانای هەباشــەکــردن، یان گێـرەکردن، یان لێکجیـاکـردنەوەی گـەنم و جـۆ و کـایە لەیەکتر.

منداڵەکەیان کوتا.

لەم ڕستەیەدا کوتان بەمانای دەرزی لێدان هاتووە.

پیاوەکەمان کوتا.

لەم ڕستەیەدا کوتان بەواتای لێدان بەکارهاتووە، واتە لەپیاوەکەمان دا.

– تێـهـەڵدا.ن:یەکێکی ترە لەو کـردارانەی کـە بـەپێی بەکارهێنانی زیاتر لەواتایەک دەبەخشێت.

کۆڵەکەمان لە هەیوانەکە هەڵدا.

لەم ڕســتــەیەدا (لە..هەڵدا) کـە دەکـاتـە تێـهــەڵدان بەواتای دانەژێر، یان خستنەژێر بەکارهاتووە.

لە کوڕەکەمان هەڵدا.

لەم ڕستەیەدا تێهەڵدان بەمانای لێدان، واتە بەشەڕ لە کوڕەکەمان دا.

پێـــوەدا.ن: یەکـــێکی ترە لەو کـــردارانەی بەپێی بەکارهێنانی مانا و مەبەستی دەگۆڕێت زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت.

نانەکەم بەتەنورەکەوە دا.

لەم ڕستەیەدا پێوەدان بەواتای خۆی کە پێوەدانە، یان پێـوەلکاندنی هەویری نانە بە دیواری تەنوور، یان ڕووی ساجەکەدا.

مار بە منداڵەکەیەوە دا.

لەم ڕسـتـەیەدا پێوەدان بە واتای گـەستن دێت، واتە لەم ڕستەیەدا واتا و مـەبەستێکی جیاواز دەگـەیەنێت کە لە واتای یەکەمەوە دوورە.

– کـێشـا.ن: یەکێکی ترە لەو کـردارانەی کـە هەڵگری زیاتر لە واتایەکە.

پیاوەکە خەیارەکەی کێشا.

لەم ڕستەیەدا کێشان بەواتای پێوانەکردی قورساییەک، یان کەرەستەیەکی خاوەن کێش دێت.

کوڕەکە جگەرەی کێشا.

لەم ڕسـتـەیەدا کـێشـان بە واتای هەڵـمژین و قـوتدانی دووکـەڵی جگەرە دێت، نەک زانینی کـێش و قـورسـایی شتێک لە ڕێگەی پێوەرێکەوە.

– هەڵسا.ن: یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێت، واتاکەی دەگۆڕێت.

منداڵەکە لەخەو هەڵسا.

لەم ڕسـتـەیەدا هەڵسـان بەواتای لە خـەو ڕابوون، یان بەئاگاهاتن دێت.

پیاوەکە هەڵسا بۆ ئیش کردن.

لەم ڕســتــەیەدا هەڵســان بەواتای هەســتـانە ســەرپێ بەکارهاتووە.

جۆزەی کارەباکە هەڵسا.

لەم ڕســتـــەیەدا هەڵســـان بەواتای کـــوژانەوە، یان

بەرزبوونەوەی فیوزی کارەبا لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەکارهاتووە.

-هەڵکرد.ن: یەکێکی ترە لەو کردارانەی بە زیاتر لەواتا و مەبەستێک بەکاردێت.

بایەکە هەڵی کرد.

لێرەدا مەبەست لە هەڵکردن دەست پێکردنی بایە.

تۆپەکەم هەڵکرد بۆت.

لەم ڕستەیەدا مەبەست لە هەڵکردن بۆ هاویشتن، یان بۆ فڕێدانە.

ئاگرەکەم هەڵکرد.

چراکەم هەڵکرد.

کارەباکەم هەڵکرد.

لایتەکەم هەڵکرد.

لەم ڕستانەدا هەڵکردن بەواتای داگیرساندن دێت، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێیت:

سەیارەکەم داگیرساند.

چراکەم داگیرساند.

گڵۆپەکەم داگیرساند... تاد

تێیاندا داگیرساندن بەواتای هەڵکردن، یان پێ کردن دێت.

پێ کردنیش بەهەمان شێوە دەتوانێت لە زۆربەی بارەکاندا جێگەی ئەوان بگرێتەوە و واتای ئەو کردارانە بدات بۆ نموونە:

لایتەکەم پێ کرد.

ئۆتۆمۆبیلەکەم پێ کرد.

تێیاندا پێ کردن بەواتای داگیرساندن و ئیش پێکردن و هەڵکردن دێت، کەواتە ئەم کۆمەڵە کردارە تێکەڵییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا هەیە، کە دەتوانن جێی یەکتر بگرنەوە بەبێ ڕوودانی گرفتێکی ڕێزمانی، یان واتایی.

- هەڵدا.ن: یەکێکی ترە لەو کردارانەی کە بەپێی بەکارهێنانی هەڵگری زیاتر لە واتایەکە.

تۆپەکەم بۆت هەڵدا.

واتە تۆپەکەم فڕێ دا بۆت، یان بۆم هاویشتیت.

چراکەم هەڵدا.

هەڵدان لەم ڕستەیەدا بەمانای بەرزکردنەوەی پلیتەی چرایەکە دێت.

ئەوەی تا ئێرە باسکرا نموونەی هەندێک لەو کردارانەیە کە دەتوانن بە زیاتر لەواتایەک دەربکەون و هەریەکەیان چەند مەبەستێک هەڵبگرن و لە بارودۆخی جیاوازی بەکارهێنانەکاندا بە گوێگری بگەیەنن.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ئاخێوەرانی زمان دەتوانن لە ڕێگەی کەمترین وشەوە زۆرترین قسەبکەن و زۆرترین، واتا و مەبەست بە بەرانبەر بگەیەنن، ئەمە شێوەیەکی بیرکاریانەی زمانە چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی چەند ژمارەیەکی سەرەتایی و بنەڕەتییەوە تا ژمارەیەکی بێ کۆتایی ژمارە دروست بکرێت، بەهەمان شێوە زمان بەپێی بەکارهێنان و بارکردنی مەبەستەکانی ئاخێوەر لەو دانە زمانییانەی لە ئاخاوتندا بەکاریان دەهێنێت دەتوانێت تا بێ کۆتایی قسەبکات و ڕستەدابڕێژێت و واتا و مەبەستی نوێ بەدەستەوە بدات.

یان لە ڕێگەی لێکدان و پێکەوە بەستنی وشە بە وشە، یان پێشگر و پاشگر و وشەکانەوە... تاد بە هەزاران وشە و واتای نوێ بخاتە سەر خەرمانی زمانەکەی.

ئەمەش توانایی زمان دەردەخات بۆ فراوان بوون و گەشەکردن لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵە کەرەستە دیاری ١٨کراوەی لەبەردەستدان.

ئەوەی لەم وتارەدا باسکرا دەرخەری لایەنێکی جوان و گەشاوەی زمانەکەمانە کە زیندوویی و گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی بەردەوامی زمانەکەمان دەردەخات.

لەو چوارچێوەیەشدا کردار وەک چالاکترین و زیندووترین بەشەئاخاوتن پشتی پێ بەستراوە و باسی لێوەکراوە، ئەگەر سەرنج بدەین هەریەک لەو کردارانە خاوەنی واتایەکی بنەڕەتی خۆیانن لەگەڵ چەند واتایەکی وەرگیراو، کە لە هەندێکیاندا واتاکان تا ڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن و لە زۆربەشیاندا واتا و مەبەستەکان لێک دوور و جیاوازن و هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە، بێجگە لە هەبوونی تێکەڵاوی و گونجاوییەک لە نێوان هەندێک لە کردارەکاندا کە دەتوانرێت بە ئاسانی لە جێی یەکتر بەکاربهێنرێن، یان بە واتایەکی تر هەندێک لە کردارەکان هەڵگری واتای یەکترن، یان شێوەی جیاجیای هەمان واتان.

ماوەتەوە بڵێین ئەمە هەموو ئەو کردارانە نین کە دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە بەڵکو چەندان کرداری تری هاوشێوەی ئەمانە هەن و پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کردارانەی کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن کۆبکرێنەوە و بە ڕوونکردنەوە و زانیاری پێویستەوە بخرێنەبەر دەستی خوێنەر و فێرخوازانی زمانەکەمان.